

**ئەحمەد شەهاب:**
**یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی وەرزشیی هەولێر**

# خولی عێراقمان بەدەستهێنا و ڕێزیشمان لێ نەگیرا

**ئەحمەد شەهاب یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکان لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەی هەولێر لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان و وەك خۆی باسی دەکات باوکی هۆکار بووە کە روو لە یاری باڵە بکات بە هۆی ئەوەی کە ناوبژیوانی نێودەوڵەتییە لە یاری تۆپی باڵە. ئەحمەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٧ی شاری هەولێرە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و مامۆستایە لە پەیمانگای وەرزشیی هەولێر، ئەمساڵیش رۆڵی کارای بینی لە بەدەستهێنانی نازناوی باڵەی کوردستان و عێراق لەگەڵ یانەی هەولێر، ئێمەش بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشی ئەم یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** ئاستی یاری باڵەی لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاری باڵە لە کوردستاندا تاکو ئێستا نەگەیشتۆتە ئاستی راستەقینەی خۆی و رۆژ لە دوای رۆژ دوادەکەوێت.

*** ئەی لەسەر ئاستی عێراق چۆنی دەبینی کە خۆت لە هەردوو خولەکە بەشداری؟**

- ئاستی عێراق زۆر پێشکەوتووترە، چونکە لە رووی ماددی یانەکان گرنگی زۆر بە خولەکە دەدەن و یاریزانانی پیشەگر دەهێنن بۆ ریزی تیپەکانیان و کەمپی مەشقی دەکەنەوە، ئەوان زۆر بایەخ بە یاری باڵە دەدەن. ئەمساڵ تەنیا یەك یانەی کوردی بەشداری یارییەکانن بە حکومی ئەوەی ئێمە بێبەشین لە هەموو خولێك، چ راهێنەری بێت، چ خولی ناوبژیوانی بێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەم خولانە لە شاری بەغدا بەڕێوەدەچێت و ئێمە ناتوانین بە هۆی بارودۆخی ئەمنی و نەبوونی ئاسایشەوە ئامادەی بین.

*** پێتوایە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستانیش پێش بکەوێت؟**

-من وەکو یاریزانێك پێم باشە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە، جگە لەمەش بایەخ بە یاریزانانی لاو بدرێت و خول بۆ راهێنەران بکرێتەوە، کە ئەم کارانە کرا، یاری تۆپی باڵە لە کوردستان پێش دەکەوێت، ئەگەر ئەمەش نەکرێ، رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو لەناوچوون دەچێت.

*** بیستوومانە گرێبەستی زۆرت بۆ هاتووە، بەڵام**

دیمانە: کارزان کانەبی

**یانەی هەولێرت جێنەهێشتووە، بۆچی؟**

- ڕاستە، چونکە لە یانەی هەولێر دەستم بە یاری تۆپی باڵە کردووە و حەزیش دەکەم لێرە واز لە یاریکردن بێنم، چونکە یانەی هەولێر بۆمن هەموو شتێکە و خۆشەویستی ئەم یانەیە باس ناکرێ.

*** ماوەیەکی زۆرە یانەی وەرزشیی هەولێر مووچەی پێ نەداون، لەو بوارەدا تا ئێستا چییان بۆ کردوون؟**

- کە خولی عێراق و کوردستانمان بەدەستهێنا، دوو مووچەمان وەرگرت، کە داوای مافی خۆشمان دەکەین، هەر دەڵێن نییە، بەڵام ئێمە مافی خۆمانە و خۆیان بەڵێنیان داوە کە هەموو مانگ مووچەمان پێ بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا خولی عێراقمان بەدەستهێناوە و ڕێزمان لێ نەنراوە .

*** کێشەو گرفتتان لە یاری باڵە چییە؟**

-کێشە زۆرە، لەوانە کە ئێمە لە شاری نەجەف هاتووینەتەوە ماوەیەکی زۆرە مەشقمان نەکردووە و لە ماڵەوە دانیشتووین. نەبوونی هیچ پاڵپشتێك وای لە ئێمە کردووە کە بێ ئومێد بین، چونکە یاری باڵەش وەك هەموو یارییەکانی دیکە ئەگەر پشتگیری ماددی و مەعنەوی نەکرێ، پێش ناکەوێت.

*** بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە بەرەو پاشچووندایە؟**

-چونکە ساڵ ١٢ مانگە تەنیا یەك خول دەکرێتەوە، هیچ خولێکی تازەپێگەیشتووان و لاوان نییە، بەو دۆخە چۆن یاری پێش دەکەوێ؟ دواتریش کە خولی کوردستان تەواو دەبێت، دەبێ بۆ یەك ساڵ لە ماڵەوە دابنیشیت.

*** بەدەستهێنانی نازناوی کوردستان لەگەڵ یانەی هەولێر بەبێ بوونی توانای دارایی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-دەگەڕێتەوە بۆ یەکدەستیی هەموو یاریزانەکان و ڕاهێنەر و یەك ڕۆحی و خۆشەویستی هەولێر، چونکە ناوی هەولێر زۆر گەورەیە و بە هیچ شتێك ناتوانرێ باس بکرێ و هاندەرانیش ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە پشتگیریکردنی ئێمە .

*** هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك لەم یارییە چییە؟**

-دووبارە ببینەوە پاڵەوانی عێراق وەکو ساڵانی پێشوو.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

- بوونم بە پاڵەوان لەگەڵ هەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێر و باشترین یاریزان لە ئاستی هەرێم، لەگەڵ هەولێر خولی کوردستان و عێراقم بەدەستهێناوە و بەشداری خولی عەرەبیم کردووە.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-ئەگەر خوای گەورە تەمەن بدات لە دوای یاریکردن هەوڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ڕاهێنەری دەدەم، تاوەکو ئەوەی فێر بووم لە ڕاهێنەرانی خۆم، منیش بە یاریزانانی دیکەی بدەمەوە بۆ سوودگەیاندن بە یاری باڵە.

*** پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

-بە هیوای ئەوەم زیاتر خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەن و بایەخ بەم یارییە بدەن، چونکە هیچی لە یارییەکانی دیکە کەمتر نییە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**


- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان. ئێوە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشیی کوردستان و خزمەتەکانتان بۆ هەموو یاریزانێکە، سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم بۆ پشتگیریکردنم، سوپاس بۆ ڕاهێنەران موئەیەد مەغدید، کاکە جوان، بەسیم عیسا، سەلاح هادی، کاپتن سەنگەر و کاپتن تاهیر.






# بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا پورتوگاڵ بووە پاڵەوانی ئەوروپا

هەفتەی رابردوو لە فەرەنسا کۆتایی بە یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٦ هات، لەم پاڵەوانێتیە لە هەموو روویەکەوە ژمارەی پێوانەیەکانی شکاند و بۆ یەکەم جار ٢٤ هەڵبژاردە بەشداریان لە پاڵەوانێتیەکە کرد و چەندین ئەنجامی چاوەڕوان نەکراوی تۆمارکران و هەندێك هەڵبژاردەی گەورە هەر زوو ماڵئاواییان کرد و هەڵبژاردە بچووکەکان توانیان ئەنجامی باش بە دەستبهێنن.



ئا: ڕێبین رەمزی




● **پۆرتۆگاڵ پاڵەوانە بۆ یەکەم جار**

هەڵبژاردەی پورتوگال بەسەرکردایەتی کریستیانۆ رۆناڵدۆ توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا ببێتە پاڵەوانی ئەوروپا دوای بردنەویە لە هەڵبژاردەی فەرەنسا بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ.

سەرەڕای ئەوەی پورتوگالییەکان بوونە پاڵەوان، ژمارەیەکی پێوانیشیان تۆمارکرد، کە تاکە هەڵبژاردەیە لە مێژووی پاڵەوانێتیەکە بتوانێت لە کاتی فەرمی یارییەکان (٩٠) خولەك لە کۆی ٧ یاری تەنیا یەك یاری سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و شەش یەکسانبوون تۆماربکات و لە کۆی ئەم حەفت یارییە دوو یاری لە کاتی زیادکراو سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و یارییەك بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا و سێ یاریش یەکسانبوو، ئەنجامەکانی هەڵبژاردەی پورتوگاڵ لەم پاڵەوانێتیە بەمشێوەیە بوو:

پورتوگاڵ — ئایسلەندا ١-١

پورتوگاڵ — نەمسا ٠-٠

پورتوگاڵ — هەنگاریا ٣-٣

قۆناغی ١٦

پورتوگاڵ — کرواتیا ١-٠ لە کاتی زیادکراوی یارییەکە.

● **قۆناغی هەشت**

پورتوگاڵ — پۆڵەندە ١-١ بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا پورتوگاڵ سەرکەوتنی بە دەستهێنا.

چوار گۆشەی زێرین

پورتوگاڵ — وێڵز ٢-٠

یاری کۆتایی

پورتوگاڵ — فەرەنسا ١-٠ لە کاتی زیادکراوی یارییەکە.

بەم ئەنجامە پورتوگاڵ بەفەرمی نوێنەرایەتی ئەوروپا دەکات لە جامی کیشوەرەکان، کە لە ساڵی ٢٠١٨ لە رووسیا ئەنجام دەدرێت.

**● پێکهاتەی نموونەیی یۆرۆی ٢٠١٦**

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپی لە رێگەی لێژنەی هونەری تایبەت بە پاڵەوانێتیەکە پێکهاتەی کۆتایی یۆرۆی ٢٠١٦ی دەستنیشانکرد، بەمشێوەی خوارەوە:

گۆڵپارێز: لویس پاتریسۆ (پۆرتوگاڵ)

هێڵی بەرگری: گێرێرۆ(پورتوگاڵ)، پیپی (پۆرتوگاڵ)،جێرمی بواتینگ(ئەڵمانیا)، کیمیچ (ئەڵمانیا).

هێڵی ناوەڕاست:تۆنی کرۆس (ئەڵمانیا)، جۆ ئالان (وێڵز)، دیمتری بایت (فەرەنسا)، ئاروون رامزی (وێڵز.)

هێڵی هێرشبەر: کریستیانۆ رۆناڵدۆ (پۆرتوگاڵ)، ئەنتۆنیۆ گریزمان(فەرەنسا.)

**● باشترینەکانی یۆرۆ دەستنیشانکرا**

لەگەڵ تەواوبوونی یاری کۆتایی یۆرۆی ٢٠١٦ یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بەفەرمی باشترینەکانی پاڵەوانێتیەکەی دەستنیشانکرد، کە بەمشێوەیە:

١- گۆڵکاری پاڵەوانێتیەکە: گریزمان (هەڵبژاردەی فەرنسا) بەتۆمارکردنی ٦ گۆڵ بووە گۆڵکار.

٢- باشترین یاریزان: یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا گریزمان بە باشترین یاریزانی پاڵەوانێتیەکە دەستنیشان کرا دوای ئەوە رۆڵێکی باڵای لەسەرکەوتنی هەڵبژاردەکەی بۆ یاری کۆتایی هەبوو.

٣- باشترین یاریزانی لاو: یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگاڵ (ریناتۆ سانشێز) بە باشترین یاریزانی لاو لە پاڵەوانێتیەکە دەستنیشانکرا.

**● خەڵاتەکانی یۆرۆی ٢٠١٦ چەندە**

دوای تەواوبوونی یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٦ یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا و وڵاتی فەرنسا و هەموو هەڵبژاردە بەشداربووەکانی یۆرۆی ٢٠١٦ لە رووی داراییەوە قازانجێکی زۆریان کردووە، بەمشێوەی خوارەوە:

١- کۆی دەستکەوتە دارییەکان (یەك ملیار و نەوەد و سێ ملیۆن)یۆریە، بە رێژەی (٣٤٪) لە چاو پاڵەوانێتیەکانی رابردوو زیادی کردووە.

٢- تێچووی گشتی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتیەکە (یەك ملیار و یەك ملیۆن) یۆریە.

٣- هەر هەڵبژاردەیەك بەشداری لە پاڵەوانێتیەکە کردبێت (٨)ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت.

٤- هەر هەڵبژاردەیەك سەرکەوتن لە یەکێك لە یارییەکان تۆماربکات لە قۆناغی یەکەم (یەك ملیۆن )یۆرۆ وەردەگرێت.

٥- هەر هەڵبژاردەیەك لە قۆناغی کۆمەڵەکان یەکسان بێت بڕی (٥٠٠) هەزار یۆرۆ پاداشت وەردەگێت.

٦- هەر هەڵبژاردەیەك بۆ قۆناغی ١٦ سەرکەوت ئەوە بڕی (یەك ملیۆن و پێنج سەد) هەزار یۆرۆ وەردەگرێت.

٧- هەر هەڵبژاردەیەك بۆ قۆناغی ٨ سەرکەوت ئەوە بڕی (دوو ملیۆن) یۆرۆ وەردەگرێت.

٨- هەر هەڵبژاردەیەك بۆ قۆناغی چوار گۆشەی زێڕین سەرکەوت ئەوە بڕی (چوار ملیۆن) یۆرۆ وەردەگرێت.

٩- خاوەن پلەی دووەمی یۆرۆ (٥) ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت.

١٠- خاوەن پلەی یەکەمی یۆری (٨) ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت.

١١- یوفا بڕی (٦٠٠) ملیۆن یۆرۆ بەسەر ٥٥ یەکێتی ژێر سایەی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا دابەش دەکات.

١٢- بڕی ٢٣٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ پاڵەوانێتی یۆرۆی ٢٠٢٠ تەرخان دەکرێت.

**● هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە خەڵاتیان وەرگرت**

پۆرتوگاڵ ٢٥،٥ ملیۆن یۆرۆ، فەرەنسا ٢٣،٥ ملیۆن یۆرۆ، ئەڵمانیا ١٨،٨ ملیۆن یۆرۆ، وێڵز ـ ١٨ ملیۆن یۆرۆ، پۆلەندا ١٤،٥ ملیۆن یۆرۆ، ئایسلەندا ١٤ ملیۆن یۆرۆ، ئیتاڵیا ١٤ ملیۆن یۆرۆ، بەلجیکا ١٤ ملیۆن یۆرۆ، کەرواتیا ـ ١٢ ملیۆن یۆرۆ

سویسرا- ١١،٥ ملیۆن یۆرۆ، ئینگلتەرا ١١،٥ ملیۆن یۆرۆ، ئیسپانیا ١١،٥ ملیۆن یۆرۆ، هەنگاریا ١١،٥ ملیۆن یۆرۆ، سلۆڤاکیا ١١ ملیۆن یۆرۆ، کۆماری ئێرلەندا ١١ ملیۆن یۆرۆ، ئێرلەندای باکوور ١٠،٥ ملیۆن یۆرۆ، ئەلبانیا ٩ ملیۆن یۆرۆ، تورکیا ٩ ملیۆن یۆرۆ، رۆمانیا ٨،٥ ملیۆن یۆرۆ، رووسیا ٨،٥ ملیۆن یۆرۆ، چیک ٨،٥ ملیۆن یۆرۆ، سوێد ٨،٥ ملیۆن یۆرۆ، نەمسا ٨،٥ ملیۆن یۆرۆ، ئۆکرانیا ٨،٥ ملیۆن یۆرۆ.

لەم پاڵەوانێتیە ١٠٨ گۆڵ تۆمارکراوە لە ٥١ یاری بە رێژەی (٢،١) گۆڵ بۆ هەر یارییەك.

**● گۆڵکارانی پاڵەوانێتیەکە بەمشێوەیە بوو**

١- گریزمان (هەڵبژاردەی فەرەمسا) ٦ گۆڵ

٢- کریستانۆ رۆناڵدۆ (هەڵبژاردەی پورتوگاڵ) ٣ گۆڵ

٣- دیمتری بایت (هەڵبژاردەی فەرەنسا) ٣ گۆڵ

٤- گاریس بێڵ (هەڵبژاردەی وێلز) ٣ گۆڵ

٥- ئەلڤارۆ مۆراتا (هەڵبژاردەی ئیسپانیا) ٣ گۆڵ.

لەم پاڵەوانێتیە کریستیانۆ رۆناڵدۆ توانی ژمارەی گۆڵەکانی لە تێکرای مێژووی یۆرۆ بکاتە ٩ گۆڵ ژمارەی گۆڵەکانی لەگەڵ ئەستێرەی فەرەنسی میشێل پلاتینی یەکسانکردووە و بوونە گۆڵکاری مێژوویی پاڵەوانێتیەکە.

جێگەی باسە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئەلبانیا، ئایسلەندا، ئێرلەندی باکوور، وێلز، سلۆڤاکیا) بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیان بەشداریان لەم پاڵەوانێتیە کرد.

١- وێلز گەیشتە چوار گۆشەی زێڕین.

٢- ئایسلەندا لە قۆناغی هەشتەم ماڵئاوایی کرد.




٣- سلۆڤاکیا و ئێرلەندی باکوور لە قۆناغی ١٦ ماڵئاواییان کرد.

٤- ئەڵبانیا لە قۆناغی کۆمەڵەکان ماڵئاوایی کرد.

● **ئامارەکانی پاڵەوانێتییەکە بەمشێوەیە:**

- ئیدین هازارد یاریزانی هەڵبژاردەی بەلژیکا و ئارون رامسی یاریزانی هەڵبژاردەی وێلز زۆرترین گۆڵیان بۆ هاورییەکانیان دروست کرد (٤)گۆڵیان دروست کردووە.

- هەڵبژاردەی فەرەنسا زۆرترین سەرکەوتنی بە دەستهێناوە (٥)سەرکەوتن و هەڵبژاردەکانی (نەمسا، چیك، رۆمانیا، رووسیا، سوید، ئۆکرانیا) هیچ سەرکەوتنێکیان تۆمارنەکردووە.

- هەڵبژاردەکانی پۆلەندە، سویسرا، پورتوگاڵ لە هیچ یارییەك تووشی دۆڕان نەهاتوون و هەڵبژاردەکانی (ئێرلەندی باکوور، ئۆکرانیا) لە سێ یاری تووشی دۆڕان هاتن.

- هەڵبژاردەی پورتوگال لە چوار یاری یەکسانبووە و زۆرترین هەڵبژاردەیە، کە یەکسان دەبێت.

- هەڵبژاردەکانی (کرواتیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، پۆلەندە) لە قۆناغی کۆمەڵەکان زۆرترین خاڵیان کۆکردووە (٧) خاڵ و هەڵبژاردەی ئۆکرانیا لە قۆناغی کۆمەڵەکان کەمترین خاڵی کۆکردووە (سفر) خاڵ.

- هەڵبژاردەی فەرەنسا بەهێزترین هێڵی هێرشبەرە بە تۆمارکردنی (١٣)گۆڵ و هەڵبژاردەی ئۆکرانیا لاوازترین هێڵی هێرشبەرە هیچ گۆڵێکیان تۆمارنەکردووە.

- هەڵبژاردەکانی (ئیتاڵیا، پۆلەندە، سویسرا) خاوەنی بەهێزترین هێڵی بەرگرین تەنیا (٢) گۆڵیان لێ تۆمارکراوە و هەڵبژاردەی ئایسلەندا خاوەنی لاوازترین هێڵی بەرگریە (٩)گۆڵی لێ تۆمارکراوە.

- هەڵبژاردەی ئەڵمانیا تاکە هەڵبژاردەیە لە چوار یاری لەسەر یەکدی گۆڵی لێ تۆمارنەکرا و هەڵبژاردەکانی (چیك، ئایسلەندا، رۆمانیا، رووسیا، سوید، ئۆکرانیا) لە هەموو یارییەکان گۆڵیان لێ تۆمارکرا.

- گەورەترین یاریزان لە رووی تەمەن لەم پاڵەوانێتیە گۆڵ تۆماربکات یاریزانی هەڵبژاردەی هەنگاریا (زۆلتان گێرا)، کە تەمەنی (٢٧) ساڵ و (٦١) رۆژە و گۆڵی لە هەڵبژاردەی پورتوگاڵ تۆمارکرد و بچووکترین یاریزان گۆڵی لەم پاڵەوانێتیە تۆماربکردبێت یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگاڵ رێناتۆ سانشێز تەمەن (١٨) ساڵ و (٣١٧) رۆژ توانی گۆڵ لە هەڵبژاردەی پۆلەندە تۆماربکات.

- ژمارەی کارتە زەردەکان لەم پاڵەوانێتیە (٢٠٥) کارتی زەرد بە رێژەی (٤,٠٢) کارتی زەرد لە هەر یارییەك و لەم پاڵەوانێتیە تەنیا سێ جار کارتی سوور بەرووی یاریزانان بەرزکرایتەوە.

- رۆی پاتریسۆ گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی پورتوگاڵ تاکە یاریزانە کۆی (٧٢٠) خولەك لە یارییەکان بەشدار دەبێت و لە هەر حەفت یاری وەکو یاریزانی سەرەکی یاریکردووە.